فڕۆکەیەکی سەربازی سعودی لە کاتی مەشقدا کەوتە خوارەوە و هەموو دەستەکەی گیانیان لە دەستدا

وتەبێژی وەزارەتی بەرگری سعودیە، تورکی ئەلمالیکی ئەوارەی ڕۆژی چوارشەممە ڕایگەیاند کە فڕۆکەیەکی جەری 15SA-F لەکاتی مەشقکردن کەوتە خوارەوە.

ئاژانسی هەواڵی سعودی لە زاری وتەبێژی وەزارەتی بەرگری وەاتەکە ڕاگەیاند، "ئەوارەی ڕۆژی چوارشەممە یەکێک لە فڕۆکە جەنگییەکانی هێزی ئاسمانی شاهانەی سعودی لە جەری 15SA-F لە کاتی ئەرکێکی مەشقکردن لە بنکەی ئاسمانی پاشا خالید لە ناوچەی خەمیس موشەیت کەوتە خوارەوە".

ئەلمالیکی ئاماژەی بەوەدا کە هەموو دەستەی فڕۆکە گیانیان لە دەستدا و لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە ئەرکی خۆی دەستپێکردووە بە وردەکاری لە هەکاری ڕووداوەکە.

جێی ئاماژەیە، ئەمە یەکەم جار نییە کە فڕۆکەیەکی سەربازی سعودی لە کاتی مەشقدا خۆی بکەوێتە خوارەوە، لە ساڵی 2018 فڕۆکەیەکی سەربازی جەری "هەک" لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سعودیە کەوتە خوارەوە لەکاتی ڕاهێنانەکدا و هەموو تیمەکەی گیانیان لە دەستدا.